زانکۆی سلێمانی: هەفتەی داهاتوو پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکەمان دەستپێدەکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٢٣/١٠/٢٥ ئەنجوومەنی زانکۆی سلێمانی کۆبوونەوەی ئاسایی هەفتانەی ژمارە (٥)ی ئەنجامدا، یەکێک لە بڕگەکانی کارنامە تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی پرۆسەی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤. لەو بارەیەوە گەیشتنە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە:

١. ئەنجوومەن لە لایەکەوە جێخت لە سەرجەم ماف و شایستە داراییەکانی مامۆستایان، فەرمانبەران و خوێندکاران دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە جێختیش لە بەرپرسیاریەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن لە زانکۆمان دەکاتەوە.

٢. لە پێناو خەمخۆریمان بە ئایندەی خوێندکاران و هەنەسپاردنی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بەپێی پێوەرە زانستییەکانی بەڕێنیا پرۆسەس، کە ئەم پرسە پەیوەندیدارە بە چارەنووسی زیاتر لە (٢٣) هەزار خوێندکار و خێزانەکانیان، ئەنجوومەنی زانکۆ ڕۆژی شەممە ٢٠٢٣/١٠/٢٨ وەک دەستپێکی پرۆسەی خوێندنی ساڵی نوێی خوێندنی ڕاگەیاند و هەر لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆژژمێری خوێندنی بڕایی و باڵا-ی بە سەرجەم کۆلێژەکان پەسند کرد. لەبەر ئەوە، داواکارین لە سەرجەم خوێندکاران بەپێی خشتەی وانەی کۆلێژەکان و خشتەی دابەشکردنی بەش ناوخەییەکان سەردانی زانکۆ بکەنەوە.